# داهاتی دەروازە سنووریەکانی عێراق پێنج مانگی رابردوو ترلیۆنێک دینار تێپەڕاند



ئەمڕۆ چوارشەممە، سەرۆکی دەستەی دەروازە سنووریەکانی عێراق رایگەیاند، کە داهاتی پێنج مانگی یەکەمی ئەمساڵ یەک ترلیۆن دیناری تێپەڕاندووە.

عومەر واعیلی، سەرۆکی دەستەی دەروازە سنووریەکانی عێراق وتی، بەندەرەکانی سنووری و گومرگ و بەڕێوەبەرایەتییەکانیان شاهیدی زیادبوونی بەرچاوی داهاتی گومرگی بوون و مانگی ئایاری ئەمساڵ داهاتی ٢٧٤ ملیار دیناری بەدەستهێناوە.

ئاماژەی بەوەشکرد، کە داهاتەکانی پێنج مانگی یەکەمی ئەمساڵ یەک ترلیۆن دیناری تێپەڕاندووە، بەراوردکردنی ئەو داهاتانە لەگەڵ پێنج مانگی یەکەمی ساڵی پێشوودا، زیادبوونێکی بەرچاوی هەیە.

وتیشی، داهاتەکانی پێنج مانگی یەکەمی ساڵی رابردوو ٧٠٠ ملیار دینار بووە، لەکاتێکدا لە ساڵی ٢٠١٣ـدا دەگاتە نزیکەی ٣٠٠ ملیار دینار.

ئۆشی خستووە، گەیشتن بە یەک ترلیۆن دیناری عەراقی لە پێنج مانگی یەکەمدا لە چوارچێوەی ستراتیژیەتی زەرترین داهاتدا هات کە لەسەر بنەمای ڕێنماییەکانی حکومەت و ڕێکارەکانی کۆنترۆکردنی ئەتەماتیکی لە بەندەرەکان و چالاککردنی سیستەمی حوکمانی لە دەسەاتی گشتی گومرگەکاندایە.